# لاوان بخوێننەوە بۆ ئەوەی ڕاستی بدۆزنەوە



بەدران ئەحمەد حەبیب

کێشەی ئەمڕۆی کورد کێشەیەکی ئاسایی و نەریتی نییە لەو کێشانەی لە زۆر کۆمەڵگای تردا ڕوویان داوە و ڕوو دەدەن، وەك ئەوەی کە پێی دەگوترێ کێشەی ڕۆشنبیریی نێوان وەچەگەل یان کێشەی نێوان باوان و ڕۆڵەکانیان. کێشەکە گەورەترە لەوە بۆیە لەسەر وێستانی زیاتری دەوێ.

لە دنیای ئەمڕۆدا، ئەوەی لە شتگەلی تر زیاتر جێی سەرنج و ڕامانە ئەو پەرەسەندن و پێشکەوتنە خێرایەیە، کە سەرجەم مرۆڤایەتیی گرتۆتەوە و، پڕیشکێکی بەر ئێمەش کەوتووە. دیموکراسی و مافەیلی مرۆڤ و ئازادیی (تاکە)– وەك سەرۆکی پەرلەمان دەڵێ، بوونەتە مۆدە و باوی سەردەم. تەقینەوەی شۆڕشی تەکنیکی و پەرەسەندنی گەیاندن ئەم پێشکەوتنانەی هێنایە تەپانی ماڵانی ئەو وڵاتانەی لە پرخەی خەوی سڕبوون و دواکەوتوویيدا بوون. دنیا بەسەر یەکتردا کرایەوە. زانست و خوێندەواریی وڵاتە پێشکەوتووەکان، جوانیی دیمەنی شارستانیەت و ڕێگەوبان و جلوبەرگی مۆدەی نوێ و پیشەسازیی قەبە و زەبەلاح و تێکەڵاویی نێر و مێ و ئازادییەکانی تاکە، هەموو ئەمانە لاوانی وڵاتانی دواکەوتوویان تاساند. لە خەوی غەفڵەت هۆشیاربوونەوە. ئیتر کچان و کوڕانی ئەم کۆمەڵگایانە، ئەو مرۆگەلە بەستەزمانە دەستەمۆ و ماڵییانە نەمان ئاگایان لە مەحموودی بێ زەوار نەبێ و تەنیا گوێ لە باوك و دایك و مامۆستا و مەلا و سەرکردەی سیاسی بگرن و بەموو لە ئامۆژگارییان لا نەدەن.

لاوان دەیانەوێ ئیتر بەقسەی کەس نەکەن خۆیان نەبێ. ئەو شتە هەڵبژێرن کە خۆیان پێیان ڕاستە. ئەوە لەبەر بکەن کە حەزی لێ دەکەن و ئەوە بخوێنن کە زیاتر کەیفیان پێی دێت. لەگەڵ ئەوە هەڵسن و دانیشن کە خۆیان دەیانەوێت. ئەمانە هەموویان باشن و دەسپێکی خێر و خۆشین. بەڵام..... بەڵام ژیان مۆدە نییە، ژیان حەز و ئارەزوو نییە. ژیان ئەوەیە کە هەیە. بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لەم سەردەمە خێرا و تیژڕەودا مرۆڤێکی سەرکەوتوو و بەختەوەر بێت دەبێ مرۆڤێکی هۆشیار و بە ئاگا و کارامە بێت. دوای ڕاپەڕین، زۆر لە کچان و کوڕانی کوردستان ڕوویان لە دەرەوە کرد بۆ ئەوەی ئەم بەهەشتە بزرەیە بدۆزنەوە و ببن بە لاوێکی بەختەوەر لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا، کەچی نەیانتوانی و سەری خۆیان لە بەرد دا.

کەواتە دەبێ لێرەوە، لەم وڵاتەوە، یان تۆ چی ناوێکی تری لێ دەنێی من لاریم نییە، (با بڵێین لەم کاولگەیەوە...) دەست پێ بکەن. خۆ نابێ لاوەکان هەر وەك ئێستا بن: حەزناکەن بخوێنن، ئەمە ئاستی خوێندنی دابەزاندووە. حەزناکەن کار بکەن، ئەمە داوودەزگاکانی دووچاری خاو و خلیچکی کردووە. ناخوێننەوە، بۆیە ژیان باش ناناسن. ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی ئەوەی لاوانی کوردستان لە گێژاو و گێژەلووکەدا کات بەسەر ببەن و بەهیوای خدری زندە بن.

لە کوردستان، ساڵانە سەدان کتێبی کوردی دەردەچن. من ناڵێم هەموویان باشن، بەڵام چەندانی باشیان تێدا هەیە. ئینتەرنێت هەیە، هۆی فێربوون بەدوای ڕاستیدا گەڕانە، نەك تەنیا چات و وێنەی سێکسی. سەتەلایت هەیە، ئامێری زانین و فێربوون و ڕۆشنبیربوون و تەنانەت کات بەسەربردنیشە و لە هەموو ماڵێکیشدا هەیە. چەندان فیلمی بەسوود پیشان دەدرێن. هەندێك جار هەناسە هەڵدەکێشم بۆ ئەو کاتانەی کاتم هەبوو بۆ سەیرکردنی فیلم. دەبێ لاوەکان بزانن کەوا ژیان تەنیا گۆرانی و ئاخاوتنی بێ واتا نییە بە مۆبایل. دەبێ واتایەك بۆ ژیان بدۆزنەوە. لێرەدا من حەز دەکەم ئەزموونێکی خۆم بۆ ئەو لاوانە بگێڕمەوە،کە ئەم وتارە دەخوێننەوە بەڵکو سوودێکی هەبێ بۆیان:

منداڵ بووم، یان هەرزەکاربووم، ماڵەکەمان بچووك بوو، زۆریش میوانمان دەهات. ئەو کاتە تا بڵێی ڕقم لە داوونەریتی کوردەواری و میوانداریی بێ واتا بوو. لە ڕاستیدا، حەزم دەکرد وەك منداڵانی تر بەختەوەر بم و یاری و گاڵتە و گەپ بکەم بەڵام نەدەکرا. ئیتر بۆ ئەوەی لە شەواندا گوێم لە قسەی ئەو حەشاماتە بێ واتایە نەبێت دەچووم دەمخوێندەوە. یان کتێبی قوتابخانەم دەخوێند یان کتێبی ڕۆشنبیری. گرینگ ئەوەبوو وەك تلیاککێش هەر بخوێنمەوە و بخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئاگام لەو نەگریسە نەمێنێ، کە ناوی داوونەریتی کۆمەڵی کوردەوارییە. تا وای لێ هات دەیان و سەدان کتێبم خوێندەوە. ئێستا حەز دەکەم بگەڕێمەوە ئەو تەمەنە، چونکە زۆر کتێبم لەوێ لێ بەجێ ماوە و نەمخوێندوونەتەوە.




ئێستا بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی کە دەیان هەزار قوتابی زانکۆ و دەیان هەزاری تر لە ئامادەییەکان هەن، ئەو کتێبانەی ئێمە چاپیان دەکەین و ماندووبوونیان لەگەڵ دەکێشین، نافرۆشرێنەوە، ئەمەش واتە لاوان ناخوێننەوە. ئەمەش یەك واتای هەیە ئەویش ئەوەیە لاوان بەدوای ڕاستیدا ناگەڕێن.